# (زانا)یی

# دەزگای ئاسایش، پاراستن و زانیاریی!

**نەوزاد وەلی**

هەموو سەردەمێك ، کەم یان زۆر ، گۆڕانکاریی خۆی هەیە و شتێك یان دیاردەیەك لەو سەردەمەدا ئەبێت بە سیمبۆل و تایبەتمەندییەکی خۆی ئەبێت ، جا بە باشیی بێت یان بە خراپیی.

ساڵانی سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو ، پاراستنەکەی پارتی ، دەزگای تۆقێنەر و دیاردەی ئەو سەردەمە بوو!

لەو سەردەمەدا ، ئەوەندەی پیاوانی پاراستنەکەی پارتی ، عەودالی چاودێرییکردن و ڕاونانی شیوعییەکان و (کۆنە جەلالیی)یەکانی ئەو سەردەمە بوون ، چارەکێکی ئەوەندەش نەئەپرژانە سەر بەعس و دوژمنانی کورد!

هەر لەو ساڵانەدا کە گەرمەی دەسەڵاتی پارتی و پاراستنەکەی بوو ، سەدام و نازم گەزار کۆمەڵێك لە پیاوماقوڵانی! (ئیسلامیی!) عەرەبیان! ناردە لای بارزانیی و لە دوریی چەند بستێکەوە خۆیان تەقاندەوە! بەڵام تا ئێستاش من و تۆی خوێنەر ، چەند ئاگامان لەو کارە دڕندەییە نامرۆڤایەتییەی بەعس ، عەرەب و ئیسلام ، دژی بارزانیی هەبوو ، دەزگای پاراستنیش هەر ئەوەندە ئاگای لێبووە!

لە سەردەمی گڵۆڵە ، پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و ئازادیی گەلانیشدا ، ئاساییش ، پاراستن و زانیارییەکەی دوو پارچەکەی باشوری وڵاتمان! تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و هەر سیمبۆلی سەردەمی نوێمانن!

یەکەم کۆمپیوتەر کە لەو دوو ناوچەی حیزبدەسەڵاتەدا بەکارهێنرا ، بۆ ناونوسکردنی هەڵسوڕێنەران ، کادێران ، ئەندامان و لایەنگرانی یەکتر بوو!

بەهۆی (زانا)یی ، زیرەکیی و لێهاتوویی ئەو دەزگا (نەتەوەییانە!)وە ، تا ئێستاش سەدان و تەنانەت هەزاران کەسی (ئەملا) ، لەولا پەنابەرن و هی (ئەولا)ش لەملا ، ماڵ و سامانی دەستبەسەرداگیراویان وەرنەگرتووەتەوە!

ئاساییش ، پاراستن و زانیاریی ، ماڵ و شوێنی کاری تەواوی ئەندامان ، لایەنگران و کەسوکاری لایەنەکانی تر ئەزانن! بەڵام تا ئێستاش ئەگەر کوردکوژێك بە قەزاوقەدەر ئاشکرا نەبێت! ئەوا نازانن لە کوێوە دێن و کوێ ئەتەقێننەوە! کام منداڵی بەستەزمان سەرئەبڕن و (سواری) کێ ئەبن!

تا ئێستاش کوژەرانی فرانسۆ هەریریی و قەسابە ئیسلامەکانی ئاوایی خێڵی حەمە! ئەوانەی پێش چوار ساڵ تەقەیان لە نێچیرەوان بارزانیی و دواتر لە بەرهەم ساڵح کرد ، بە ئازادیی لەناو جەماوەرە بێدەسەڵات و کڵۆڵەکەدا ئەسورێنەوە و لە مزگەوتە مۆڵگەکانیاندا پلانی کاولکردنی کوردستان دائەڕێژن و دەزگا (دژەیەکترەکانی) ئاساییشی دوو حیزبدەسەڵاتەکەش ، مێشیان میوان نیە!

چەند ئیسلامێك لەو ڕووداوانەدا دەستگیرکران ، بەڵام کەس نەیزانی لە کوێ دادگاییکران و چییان بەسەر هات! زۆربەمان ئەو ڕۆژانەمان لە یادە کە ساڵی 1968 بۆ دووەم جار بەعس دەسەڵاتی گرتەوەدەست ، (عەسابەی ئەبوتەبەر)یان دروستکرد و دەیان کەسیان لە نەیارانیان و خەڵکی هاکەزایی بە تەور کەلەپاچە کرد ، دواتریش ، بێگومان دوای ئەوەی کە دەسەڵاتەکەیان جێگیر بوو ، مەترسییان لەسەر نەما و کاریان بەو عەسابەیەی ئەبوتەبەریش نەما و دووان سیانێکیان هێنایە سەر تێلێڤیزیۆن و دانیاننا بە تاوانەکانیاندا.

بەعس دوو مەبەستی گرنگی لە دروستکردنی ئەو عەسابەیەدا هەبوو ، یەکەمیان ئەوە بوو کە کۆمەڵێك لە نەیارانی لەناوبرد و جەماوەری دانیشتووانی شاری (بەغدا)شی وا تۆقاند کە تا ساڵانێك نەهاتنەوە سەر خۆیان! دووەمیشیان ئەوە بوو کە بە ئاشکراکردن و دەستگیرکردنی ئەو عەسابەیە! وایان پێشاندا کە حوکمی نوێ (بەعسییەکان) ، بەئاگا و هۆشیارن و ئەتوانن ئاساییشی دانیشتووانی پایتەخت و وڵاتیش بپارێزن! دواتریش کەس نەیزانی ئەو کۆمەڵە مرۆڤکوژە لە کوێ دادگاییکران و چییان بەسەر هات! لە هەمان کاتیشدا بە زۆرانبازییەکانی شەوانەی عەدنان قەیسیی ، کێشەی

ئەبوتەبەریان داپۆشی!
ئەو ئیسلامە مرۆڤکوژانەی فرانسۆ هەریریی و پێشمەرگەکانی ئاوایی خێڵی حەمەیان شەهیدکرد و ئەوانەش کە هەوڵی کوشتنی نێچیرەوان و بەرهەمیان دا و دەستگیرکران! هەر وەك عەسابەکەی ئەبوتەبەر ، کەس نەیزانی لە کوێ دادگاییکران و چییان بەسەر هات! گومان لەوەدا نیە کە ئەگەر دادگای کوردستان بە فەرمانی نێچیرەوان لە گومانلێکراوێك خۆشببێت و لە داوا یاساییەکەی خۆی و هاوولاتییەك ، عەبدولاّ ئاگریین کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەمان پارتەکەی نێچیرەوانە ، پەشیمان ببێتەوە! هەر بەو شێوەیەش دەزگا جاسوسییەکانی دوو حیزبدەسەلاّتەکەش ، بە چاوبزکردنەوەیەکی ڕژێمی کوردکوژی ئیسلام لە ئێراندا ، لە ئیسلامە خوێنڕێژەکان خۆشئەبن و ئازادیان ئەکەن!
دەزگا جاسوسییەکانی دوو حیزبدەسەلاّتەکە ، وەك کورد ئەڵێت: مار ئەکوژن و تولەمار بەخێوئەکەن! سالاّنێك دژی دەسەلاّتی ناوەندیی بەغدا بوون ، بەلاّم لە هەمان کاتدا هەزاران جاشی بەعسی ، ئیسلامیی و پیاوانی ڕژێمیان ، وەك خەزرەجیی و سامەرایی بەخێوئەکرد ، (کەفالەتیان) ئەکردن و لەبری ئەوان لە دادگاکانی ئەوروپادا پاکانەیان بۆ ئەکردن! هەر لەژێر سێبەری شەڕەکوردکوژییەکانیاندا و دژی یەکتر ، چەندان کۆمەڵەگورگی ئیسلامییان دروستکرد و تا ئەم چرکەیەش ، بە سامانی ئەو گەلە هەژارە ، ئەیانژێنن!
کە شێخ جەعفەر بەرزنجیی کوردکوژ ، ناسراو بە (شێخ چۆپی) ، دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام خۆی گەیاندە کەرکوك ، فەرەیدون عەولقایەری وەزیری ناوخۆی سلێمانیی بە ئەوتۆمۆبیلکەی خۆی گەیاندیە سلێمانیی و دواتریش هەر بە نامە و (عەدەم تەعەروز)ی ئەو چووە هەولێر! تا لە پایتەختیش بوو ، ئاساییش هەشت دانە چەکداری دانابوو بۆ پارێزگارییکردنی و هەندێکیش لەوانەی کە لەگەڵ پیاوانی ئاساییشدا پارێزگارییان ئەکرد ، ئەو (قەوموقیلە) و کەسوکارەی بوون کە ئەمڕۆ لە تێلێڤیزیۆنەکانی ئاساییشەوە ئەبینرێن و وەك سەردەمی دێرینی مامە جەعفەریان! منالاّنی کوردستان بەدڕەوشتئەکەن و سەرئەبڕن!
لە سەردەمی بەعسدا ، ڕۆڵەکانی گەلەکەمان زیندەبەچاڵ ئەکران ، بەلاّم لە سەردەمی دەسەلاّتی

کوردیی و گەندەڵیی ، دزیی ، جەردەیی ، گیرفانپڕکردن و بێئاگایی ئاساییش و خەریکبوونیان بە کاری لاوەکییەوە ، ئیسلامەکان لە بەعس خراپتر ئەکەن و پێش سەربڕینی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان ، دەستدرێژیی جنسییشیان لێئەکەن! بۆیە لام سەیر نیە! ئەگەر کەسانێك هەبن لەو ڕووەوە بڵێن ڕەحمەت لە کفندز!

ئاساییش دانپیادانانەکانی ئیسلامەکورکوژەکان بە (زانا)ییانە (کلیپ) ئەکات و ئەو بەشانە ئەبڕێت کە باسی ئەوە ئەکەن چۆن لەژێر سێبەری شەڕی کوردکوژیی دوو حیزبدەسەڵاتەکەدا ، ئەو هەموو چەك ، پارە ، دەیان جۆر دەزگای تایبەتیی کوشتن و بڕین ، دەرمان ، تلیاك و تەقەمەنییانەیان بە شێوەیەکی چەند سەرە! لە پارتی و لەهەمان کاتدا لە یەکیەتی و لە سەدام و ڕژێمەکەی ، لە ئێران و دواتریش لە ئیسلامییە نێودەوڵەتییەکان وەرگرتووە!

عەلەپیری ئیسلامیی ، لە تەنیشت جوتە! سەرۆکی کوردەوە لە پەرلەمانی کوردستاندا دائەنیشێت و سوکایەتی بە شەهیدانی کوردستان و سرودی نەتەوەیی کورد ئەکات! لە کاتێکدا لە دابونەریتی کورددا ، نەك هەر بۆ شەهید ، تەنانەت لە بەخێرهاتنکردنی منداڵێکیشدا (بەرزەپێ) ئەوەستن! (باپیر)ی ئیسلامی عەرەبیش! ئەڵێت برایەکی خۆی بە دەستی خۆی کوشتووە ، بە درۆ و فشەی ئیسلامییانەی خۆی گوایە لەبەرئەوەی کە بەعسیی بووە! بەڵام هەر بە قسەی خۆشی ئەڵێت لە بەندییخانەدا پێشنوێژیی عەلی کیمیاویی و سەرانی بەعسی کردووە و (برایانە!) هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردوون! بەڵام تەنانەت لەبەر خاتری وێنەکەی بارزانیی کە بە گەورەیی و لە ژور سەرییەوە لە هۆڵی پەرلەماندا هەڵواسراوە ، هەڵناستێتە سەرپێ!

بڕواناکەم کەسێکی تر هەبێت وا بە ئاشکرا و لەناو ماڵی (پارتی و یەکیەتیدا!) ، بەو ڕادەیە و لە هەمان کاتدا سوکایەتی بە سەرجەمی: شەهیدان ، ئاڵای کوردستان ، سرودی نەتەوەیی ، بارزانیی (باوك ، کوڕ و کوڕەزا) ، تاڵەبانیی ، پەرلەمان ، ئەندامانی پەرلەمان ، سەرۆکایەتی هەرێم ، سەرۆکایەتی حکومەت ، ئاساییش ، پاراستن و زانیارییەکانیانی کردبێت؟

ئاساییش و زانیاریی زۆر بە زیرەکییانە بە بڕێك دۆلار و پارچە زەوییەك کە موڵکی گەلی کوردستانە! (بەناو) ڕۆشنبیران ئەکڕن و وەك کەلەشێرەکە قونیان چەورئەکەن و ماڵئاواییان پێئەکەن

لە هەڵوێست و بوێریی پێشوویان! بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر بە ترسنۆکانە و بە (سەخاوەت)ـەوە مانگیی دەیان هەزار دۆلار لە سامانی گەلی کوردستان ئەدەن بە کۆمەڵە ئیسلامییە قەسابەکان و ئەیانکەن بە بەلاّ بۆ خۆیان و بۆ گەلەکەمان!

ئاساییش و زانیاریی ڕێگا بە بڵاوکردنەوەی دەیان نوسین و کاری بێسەروبەر ئەدەن کە لە ڕاگەیاندنەکانیاندا بڵاوببێتەوە ، وەك ئەوانەی ئەم دواییانە کە بە ئاشکرا داوای ئازادیی هاوڕەگەزبازیی ئەکەن لە کوردستاندا و دوو سێ زەلامێکیش بەناو دکتۆر و سەرۆکی لیستی بەناو دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنەکان و ئافرەتی بەناو ڕۆشنبیر لە ئەوروپاوە ، هانی بەدرەوشتان ئەدەن و پەیمانیان ئەدەنێ کە ئەگەر بچنە پەرلەمانەوە ، شتێکیان بۆ بکەن! بەڵام لە هەمان کاتدا ئاساییش و زانیاریی ، هەموو دەنگێکی دڵسۆز و ڕەخنەگر ، ناڕازیی ، بێزاران ، خۆپێشاندەران ، مانگرتووان و خوێندکاران سەرکوتئەکەن! وەك ئەوە وایە کە ئەم دوو حیزبدەسەڵاتە تەنیا دوو ئەڵتەرناتیڤیان هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی ڕۆشنبیراندا ، یان دەمکوتکردن ، یان دەمچەورکردن!

گومان لەوەدا نیە کە ئەگەر کەسێك نەتوانێت زاڵببێت بەسەر خرۆش و هەوەس و ئارەزوویەکیدا ، ئەوا لەوانەشە کە لەپێناوی دامرکاندنەوەی خرۆشە جنسییەکانیدا ، پەنابباتە بەر هەموو شتێك! وەك ئەبینین دیاردەی خیانەتی هاوسەریی ، فرەژنیی ، هاوڕەگەزبازیی و ..تد ، نمونەی زەقی ئەو (زاڵنەبوون بەسەر خۆ)یەیە.

بەکارهێنانی (جنس) بۆ کڕینی جاسوس و پیاوانی دەسەڵات ، مێژوویەکی کۆنی هەیە لەناو حکومەت و دەوڵەتاندا.

بە دوریش نازانرێت کە (زانا)کان لە شێخ و مەلاکان و دەزگا جاسوسییەکانی داگیرکەرانی کوردستان ، بەهۆی دامرکاندنەوەی خرۆشی جنسییەوە! دەیان و سەدانیان لە پیاوانی ئاساییشەکانی جوتە حکومەتەکە و دەسەڵاتدارانیان ، کڕیـــــــبـــێـــــت!

ئەبێت پێشمەرگە نەك هەر دڵسۆزبێت بۆ گەل و نیشتمان ، بەڵکوو بە هەمان ڕادەش دڵسۆزبێت بۆ هاوسەرەکەی خۆی کە بەشێکە لە گەلەکەی و بە حساب ، تێئەکۆشێت لە پێناویدا! دیارە هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە کە زۆربەی پیاوانی ئاساییش و حیزبدەسەڵات ، تا بۆیان بکرێت ، ژن

(کۆئەکەنەوە)!

وەزیری (پێشمەرگە)ی کورد! پێنجەم ژنی ئەهێنێت و چل و نۆ دانە ساڵی ڕەبەق لە خۆی گەنجترە! لە هەمان کاتیشدا دەزگا (ڕاگەیاندنەکانی) ئاساییشەکان باسی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و قەیرەیی ئەکەن!

سەرۆکی حیزبێکی بەناو سۆشیالیستیی و دیموکراتیی کوردیی ، ڕیزێك ژنی هەیە! زۆربەی بەرپرسەکان زیادتر لە ژنێکیان هەیە و زۆر بێشەرم و بێئابڕووانەش ، درۆودەلەسەی دیموکراتیی و مافی مرۆڤ و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ئەکەن! و ئەندامی حیزبی بەناو (دیموکرات) ، سۆشیالیست و سۆشیالدیموکراتن! ئەبێت ئەمانە ڕۆژانە چەند دەنك حەبی (ڤیاگرا) بخۆن؟ وا بە ژنێك و دووان و .. چوار تێرناخۆن!

کەسانی بەناو ڕۆشنبیریش! لەبری ئەوەی ڕاپەڕن و هەڵوێستیان هەبێت بەرامبەر بەو جۆرە کەسانە و کردار و ڕەوشتە قێزاوییەکانیان! بەڵام بەداخەوە ، لەپێناوی بڕێك دۆلار و پارچە زەوییەکدا ، سەریان بۆ شۆڕئەکەن!

ڕاستییەکان ئەوە دەرئەخەن کە زۆربەی پیاوانی ئاساییش و حیزبدەسەڵات ، ئەوەندەی زانیاریی دەربارەی کچی جوان و (کوڕی قۆز) کۆئەکەنەوە! و بەشوێنیاندا ئەگەڕێن و هەوڵئەدەن بۆ دابینکردنی (کیف و جوعبە) بۆ دەزگاکانی ناوگەڵیان! خۆ ئەگەر نیو ئەوەندە زانیارییان لەسەر تێرۆریستان و دوژمنان کۆبکردایەتەوە و بەشوێنیاندا بگەڕانایە و چاودێریی مزگەوتە مۆڵگەکانیان بکردایە! ئەوا ئەو کارەساتانەی کە ئەمڕۆ ئیسلام و دوژمنان بەسەر خەڵکی هەژار و چەوساوەی گەلەکەمانیاندا هێناوە ، لەوانەیە ڕووینەدایە!

ئاساییش و زانیاریی ئەوەندە (زانا)ن! ئاگایان لەوە نیە کە هەزاران هاووڵاتیی برسیی وەك دوو خوشکەکەی پایتەخت کە زیادتر لە مانگێك! نانیان نەخواردبوو ، لەژێر سێبەری حیزبدەسەڵاتەکانیاندا ئەژین! بەڵام ئاگایان لە هەموو کەینوبەینێکی (موقاوەلات)ی ماڵە بەرپرسەکان هەیە و شەو و ڕۆژ پارێزگاریی (پڕۆژەکانیان) ئەکەن!

ئاساییش و زانیاریی کە دوو دەزگای دژەیەکتری نەتەوەیەك بن و بە عەقڵییەتی دوو خێڵەوە

بیربکەنەوە! حاڵی گەلـەکەشمان لـەم سەردەمەدا لـەوە باشتر نابێت کە ئەمڕۆ ئەیبینین!

کاتێك کە بـەرپرسانی ئاساییش ، زانیاریی و حیزبدەسەڵاتەکان ، ژنەپێشمەرگە و هاوخەم و خەباتەکانیان لـە شار و شارۆچکەکانی ئوپسالا ، یۆتێبۆری ، مالـموێ و تێنستا ، ڕینکێبی و ڕوسێنگۆردی سوید و نورنبێرگی ئەڵمانیا و وڵاتانی تری ئەوروپا ، پاش ساڵانێکی زۆری کۆڵـەمـەرگیی ، بەسەر سۆشیالی ئەو وڵاتانەدا بەجێئەهێڵن و لـە کوردستان ژنی دووەم و سێیەم ئەهێنن کە زۆربەیان لـە بچوکترین مناڵی خۆشیان بچوکترن! ئەبێت چاوەڕێی ئەوەش بکەین کە شێخ و مەلاکانی کوردستان دەستدرێژیی (شەرعیی! و ناشەرعیی!) بکەنە سەر مناڵانی کوردستان! چونکە بەرپرسەکان بە پارە و دەسەڵاتەکەیانەوە و بە (شەرعیی!) ئەو کارانەیان بۆ ئەچێتەسەر و هەر ئەو شێخ و مەلایانەی هاوڕێشیانن کە ئەو کچە نازدار و داماوانەیان لـێ مارەئەکەن و بە شەریعەتی ئیسلام (حەڵاڵـیان!) ئەکەن شێخ و مەلاکانیش هەر لـەو ڕوانگەیەوە سەیری دیاردەکان ئەکەن و ئەگەر بۆ بەرپرسان شەرع! و حەڵاڵ! بێت ، ئەوا دیارە بۆ خۆشیان حەڵاڵـە!

بەرپرسانی حیزبدەسەڵاتەکان ، ڕوویان قاییمە ، مەناعەیان پەیداکردووە و تەڕنابن! لـە کاتێکدا کە بەهۆی شەڕە کوردکوژییەکانی خۆیانەوە و (دەستتێکەڵکردنی) چەندان ساڵـەیان لـەگەڵ ڕژێمی ئێرانی (ئیسلام)دا ، ئەم عەسابە ئیسلامییانە لـە داوێنیانەوە کەوتوونەتە خوارەوە و تا ئەم چرکەیەش بەخێویان ئەکەن و گەورەیان ئەکەن و کورسییەکانی پەرلـەمانیان ئەدەنێ! بەڵام هەر پۆزلـێئەدەن بەسەر جەماوەری بێدەسەڵاتی کوردستاندا و دان بەو تاوانانەیاندا نانێن کە ئەوان بەرپرسی سەرەکیین لـە بوونی قەسابخانە ئیسلامییەکان لـە کوردستاندا!

تەنانەت هەر بە درۆش بێت ، تەنیا کەسێك لـە بەرپرسانی (دلێرە ـ بەدرەوشت) و مناڵکوژەکەی ئاساییشیش دەرناکەن! بەلـێ .. هەمووهان باش ئەزانین کە بەرپرسانی کوردستان (حەزیان لـە درۆ نیە)!

لـە ئـاوایی خێڵی حەمە دەیان پێشمەرگەی سەردەمی ساڵانی خەباتی چەکداریی ، بە شێوەیەکی ئەوەندە دڕندانە شەهیدکران ، مەگەر هەر لـە سەردەمی عەلی ئامۆزای محەمەددا شتی وا کرابێت! چونکە عەلی یەکێکە لـە هەرە خوێنڕێژەکانی عەرەب!

شمشێرەکەی عەلی دووسەرە بووە و کە کردوویەتی بە ورگی قوربانییەکانیدا ، بایداوە و هەناویانی هێناوەتە دەرەوە! هەر بەو بۆنەیەشەوە محەمەدی ئامۆزای وتوویەتی:(لا فتى الا عليٌ ، ولا سيفَ الا ذوالفقار) ، واتە هیچ لاوێك نیە وەك عەلی و هیچ شمشێرێکیش نیە وەك شمشێرە دووسەرەکەی!

دوای کارەساتەکەی قەسابخانەکەی شارەزور ، لـە هەمان کاتدا سەدان هەزار هاوولاتیی ، دژی ئیسلام و ئیسلامییەکان ڕژانە سەر جادەکانی شار و شارۆچکەکانی ئیمارەتی سۆران! بەڵام هەر دوو هەفتە دواتر جەلال تاڵـەبانیی خەریکی (دەعوەت و دەعوەتکاریی) ئەبێت بۆ عەولعەزیزی ئیسلامییەکان و وەك لـە کوردستانی نوێ دا بڵاوکرایەوە ، وتبووی مام جەلال بە دەستی خۆی خواردنی لـەبەردەمدا داناوم!

ئاساییش ، پاراستن ، زانیاریی و سەرانی حیزبدەسەڵاتان ، زۆر بێشەرمانە داکۆکیی لـە ئیسلام و (زانا)یانی ئیسلام ئەکەن! پڕوپاگەندەی ئەوە ئەکەن کە ئیسلام دینی ئاشتییە! بەڵام زۆربەیان ، ڕیاکارانە و درۆزنانە ، خۆیان لـەو ڕاستییە ئەبوێرن کە تاکە دینێکی شەڕانیی ، تۆقێنەر ، داپڵۆسێنەر لـە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەبووبێت ئەوا ئیسلامە!

هەموو ئەو ڕاستییە باش ئەزانن کە هیچ دینێك بە ڕادەی ئیسلام سوکایەتی بە ئافرەت ناکات و (پێدوفیل) نەبێت کەس وەك محەمەد ویژدانی بەوە ڕازیی نەبووە کە کچی تەمەن نۆ ساڵـە بکات بە ژن!

(زانا) ئاساییشەکان ، بەرپرسان و ڕۆشنبیرانی کورد ، ئەگەر خۆیان گێل نەکەن ، ئەوا ئەو ڕاستییە باش ئەزانن کە ئیسلام نەك هەر لـە مێژووی خوێناویی هەزار و چوارسەد ساڵـەیدا ، بەڵکوو لـە سەدەی بیستەمی مێژووی مرۆڤایەتیدا ، دەیان ئەوەندەی 1631 وشە و 75 ئایەتەکانی سورەتی بەدناوی ئەنفال! گوند و لادێی باشوری کوردستانیان وێرانکرد و هەزاران ئەوەندەش ڕۆڵـەی ئەم گەلـە کلۆڵـەیان کوشتووە! و بەرزانییانیان بێ سەر و شوێن کردووە!

ئاساییشەکانی دوو حیزبدەسەڵات ، چەند سزای کوژەرانی فرانسۆ هەریریی و قەسابەکانی ئاوایی خێڵـی حەمەیان داوە! هەر ئەوەندەش سزای ئەم (زانا)یانەی ئاساییش و مەلا و شێخ و مریدەکانیان

ئەدەن! خۆ ئەگەر سزاشیان بدەن (بیانکوژن!) ئەوە زیادتر لەبەرئەوەیە کە نهێنییەکان ، کەموکوڕیی ، دزیی و جەردەییەکانی دەزگاکانی ئاساییش ، پیاوانی حیزبدەسەڵات ، هەتیوباز و داوێنپیسەکانیان ئاشکرا نەبێت! خۆ ئەگەر وا نەبێت! ئەوا ئەبێت بە شێوەیەکی ئاشکرا دادگایی بکرێن و جەماوەر ڕاستەوخۆ گوێی لە دانپیادانانەکانیان بێت! نەك وەك (کلیپ)ی گۆرانیی سەردەم! کلیپ بکرێت!

گومان لەوەدا نیە کە تەواوی دانپیادانانەکانی ئەو ئیسلامە ڕەسەنانە ، ڕاستن و هێشتا کەمیان کردووە و وتووە! چونکە ئەوە کرۆکی ئیسلامە و بە خوێنڕشتن و ئەنفالکردنی گەلان دروستبووە ، بەڵام ئەوەی کە جەماوەر نەیبیستووە! ئەو (کلیپانەی) ترن کە پەیوەندییەکان و ناوی کەسانی سەربە دوو حیزبدەسەڵات ، پارەوپول وەرگرتن ، سەرچاوەی چەك و تەقەمەنی ، پلان و بەرنامەکانیانە! بۆیە ئەبێت جەماوەر ئەو کلیپانەش ببینێت!

کورد ئەڵیت: ئاوەکە لە سەرچاوەکەیەوە لێڵە!

کێشە سیاسی ، ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی گەلی کوردستان بە دەستگیرکردنی چەند ئیسلامێکی کوردکوژ کۆتاییان نایەت! چونکە کوردکوژە گەورەکان ، ئەوانەی کە دەستیان سورە بە خوێنی هەزاران ڕۆڵەی کورد لە شەڕە ناوخۆییەکانی سەردەمی ماوەتەوە تا هەکاری ، پشتئاشان ، بالیسان ، ڕەزگە ، قەڕناقاو ، ئاشقوڵکە ، بتوێن ، خۆشناوەتی ، شاربازێڕ و شەڕەکانی دوای ڕاپەڕین! تا ئێستاش هەر خۆیان بەرپرس و سەرکردەن و دەستگیر نەکراون و نەدراون بە دادگایەکی خۆماڵیی یان نێونەتەوەیی!

تا گەل ڕانەپەڕێت و ژەنگی دەیان ساڵەی بزوتنەوە ڕزگارییخوازییەکەی هەڵنەوەرێنێت و لەبری مزگەوتە مۆڵگەکانی مرۆڤکوژان و هەتیوبازان! ڕوو نەکاتە خوێندنگە ، فێرگە ، کارگە و دادگاکان! حاڵی ئەو گەل و نیشتمانەشمان ئەگەر خراپتر نەبێت! ئەوا زەحمەتە باشتر ببێت!

2205-8-4